خۆی بێتە مەیدان و قسەی خۆی بکا هەرچەن وا پیشان دەدرا کە ئەمە شەڕی چەپ و ڕاستی حاکمییەتە بەڵام زوو دەرکەوت کە بەڕاستی ئەمە ئیرادەی پۆڵایی خەڵکێکە کە خۆڕسکانە هاتووتە شەقام و داوای ڕووخان دەکات، یانی دەرباز کردنی ئەسڵی سیستەم و نیزام ، چوونکو دوای چل ساڵ ئیتر بۆی دەرکەوتووە ئەم سیستمە گۆڕانکاری هەڵناگرێت و چەپ و ڕاستی ئەم ڕژیمە هەردووکیان ڕووی دراوێکن بۆیە دەبێ ئەم سیستەمە لە ڕەگ و ڕیشە هەڵوەشێتەوە ،ئەوەی بەدی کرا لەم ڕاپەڕینە جەماوەریەدا لە ڕاستیدا بێ وێنە بوو، لە ئەم چل ساڵەدا زۆر جار ناڕەزایەتی و گرژی و ئاڵۆزی ڕوویدا بوو لە لایەن هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بەڵام ئەم جارە ماوەی ڕاپەڕینەکە هەم درێژبوو هەمیش درووشمەکان جیاواز بوو کە ئەویش درووشمی ڕووخانی سیستەمی جمهووری ئیسلامی بوو، ئەمە دەرخەری ڕاستیەکە کە پێمان دەڵێت ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵگەی ئێران گۆڕانکاری گەورەی تێدا درووست بووە و گەشتووەتە ئاستێکی هەرە باش لە تەکامولی فیکری سیاسی کە ئیتر فریوی چەپ و ڕاستی ڕژێم ناخوات و خۆی لە فەلسەفەی چاوەڕوانی گۆڕانکاری ناو سیستەم دەرباز کردووە و چاوەڕوانی دەرەوەش ناکات بەڵکو دەتوانێت بە ئیرادەی خۆی ڕژیم بگۆڕێت و ڕژیم بهەژێنێت، بۆ یەکەم جاریش لە مێژووی چل ساڵەی ڕژیم دەتوانم بڵێم شکۆی جمهووری ئیسلامیان لە ئاستێکی گەورە و بەرفراوان شکاند. بەڵام بەداخەوە ئەوەی لەم سەرهەڵدانە بێوێنە وشکۆمەندە بینیمان نائامادەبوونی ئۆپۆزیسیۆن بوو کە بتوانێت ڕێبەرایەتی خەڵکی ڕاپەڕیو لە ئەستۆ بگرێت . ماوەی چل ساڵە سەدان ڕێکخراو لە دەرەوە و ناوەوە ئیددعای ئەوە دەکەن خاوەنی ڕێکخستنی زۆرن و بە سەدان هەزار ئەندام و لایەنگریان هەیە و هەمیشە وایان نیشان داوە کە حوزووری ڕاستەوخۆیان هەیە لە نێو خەڵک و ڕێبەرایەتیان دەکەن، بە درێژایی ئەو دە ڕۆژە بەڕاستی خەڵکی زۆڵم لێکراو بەوپەڕی حەماسەتەوە لە شەقامەکان مانەوە و مێژوویەکی نوێیان خولقاند کە هەم ڕژیمیان شوککە کرد هەمیش ئۆپۆزسیۆن.

شارە کوردییەکان ئەگەر چی بە گشتی ڕانەپەرین بەڵام کرماشان و سنە هیچیان کەمتر لە شارەکانی تر نەبوو بگرە کرماشان پێشەنگایەتییەکی باشیشی کرد. لەم ڕاپەڕینەدا هەموو پیرۆزییەکانی ڕژیم کەوتنە بەر تووڕەیی پەنگ خۆاردووی چل ساڵەی خەڵک بە جۆرێک کە کۆی سیستمی دەسەڵاتدارانی هەژاند حەتتا وای لێهات کەسانی وەک موحەممەدی خاتەمی و باقی ڕیفۆرمخۆازان خۆیان لە هەر چەشنە پەیوەندییەک بەو ناڕەزایەتیانە بێبەری کرد و خەڵکی ڕاپەڕیویان بە ئاژاوگێڕ ناو بردوو مەحکومیان کرد. شتێک کە زۆر گرنگە و جێی خۆیەتی کە لە سەری ڕاوەستین و دەبێ ڕەخنەدانی خۆمان بکەین و زۆر باش پیاچوونەوە بە خۆمانا بکەین ، نەبوونی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و ئامادە نەبوونیان بوو وەک ئەرکێکی مێژوویی لە ڕاپەڕاندنی خەڵک و ڕێبەرایەتی کردنیان لەو قۆناغە مێژوویەدا کە دەرۆشت ڕژیم بڕوخێنێت، ئەگەر ئەو ڕاپەڕینە خۆڕسکە، ڕێکخراو بکردرایە لە لایەن حیزبەکانەوە بە تایبەت لایەنە کوردیەکان، خاڵێکی

**ولاتانی داگیرکەر بەداخەوە بە بەرچاوی هەموو جیهانیانەوە و حەتا دەتوانم بڵێم لە گەڵ ولاتە زلهێزەکان پێکەوە ناحەقی و زۆڵمی سەد ساڵی ڕابردوویان دەر حەق بە گەلی کورد دووپات کردەوە**

وەرچەرخان دەبوو لە مێژووی کوردستان و گەیشتنی بە مافە زەوت کراوەکانی، بەڵام بە داخەوە پەرت و بەڵاوە بوونمان و هەبوونی کێشە ناوخۆیەکانمان و نەبوونی ئامادەییمان بۆ ساتە مێژووییەکان کە لە نەبوونی نەخوێندنەوەیەکی زانستییانەوە سەرچاوە دەگرێ، تووشی ئەو دواکەوتنەی کردین و هەلێکی باشمان لە دەس دا کە هیوادارم باش ڕەخنە لە خۆمان بگرین و بە کردار داوای لێبوردن لە خەڵکی فیداکار و هەمیشە ئامادەی خۆمان بکەین.

بە هەر حاڵ ئەم ڕاپەڕینە سەرەتایەکە بۆ قۆناخێک کە ئەگەر ئامادەکاری باش و ڕێکخراوەیی پان و بەرینی بۆ بکرێت دەتوانم بڵێم ئاڵوگۆری گەورە و ڕیشەیی بەدوای خۆیدا ئەهێنێ ئیتر ڕژیم بەڕاستی توانای چارەسەری سادەترین کێشەی نەماوە و خەڵکیش ئامادەی هەموو فیداکارییەکن چوونکو شتێکیان نەماوە لە دەستی بدەن.

**کۆمەڵگەی ئێران گۆڕانکاری گەورەی تێدا درووست بووە و گەشتووەتە ئاستێکی هەرە باش لە تەکامولی فیکری سیاسی کە ئیتر فریوی چەپ و ڕاستی ڕژێم ناخوات و خۆی لە فەلسەفەی چاوەڕوانی گۆڕانکاری ناو سیستەم دەرباز کردووە**

**هیوای نوێ: باسی ون بوونی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانت کرد لەو ڕاپەڕینە سەرتاسەریە، دەچمە سەر پرسیارێک سەبارەت بە کار و چالاکیی هێزە کوردستانیەکان، لەم ماوەی پێشوەدا پێنچ لایەنی کوردی ڕۆژهەڵات پێکەوە ناوەندێکی هاوکاریان ڕاگەیاند تا چەندە ئەم ناوەندە ئەتوانێت کۆکەرەوەی هێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێت؟ بۆ چی تەنیا لە نێوان ئەو پێنچ لایەنەیە وحسێبیان بۆ لایەنەکانی تر نەکردووە؟ بۆچوونتان لە سەر ئەو ناوەندە چیە؟**

عوسمان جەعفەری: سەرەتا دەبێ بڵێم ، هەرکۆبوونەوەیەک و نزیکبوونەوەیەک لە نێوان لایەنەکان بێتە ئاراوە و ئامانجی یەکڕیزی هێز و پتانسیلەکان بێت بۆ خزمەت بە دۆزی ڕەوای گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات کارێکی باشە و جێگای دەست خۆشیە ، لە کات و ساتێکی وەک ئێستا یەکڕیزی و یەکخستنی لایەنەکان بۆ ئەوەی بتوانێت هێزی کوردی ببێت بە خاوەنی گوتار و کاری هاوبەش لە هەموو شتێک زەروورتر و پێوستترە و ڕووداوەکانی چەن ساڵی ڕابردوو و بە تایبەت ناڕەزایەتیە سەرتاسەرییەکەی ئەم دوائیە، دەریانخست کە پەرت و بەڵاوبوونی لایەنە سیاسیە کان چەنێک خراپە و دەتوانێت زەرەری گەورە بە ڕاپەڕینی گەل بگەیەنێت و چەنێکیش لە قازانجی ڕژیم بشکێتەوە. کۆبوونەوەی پێنچ لایەنی کوردستانی ڕۆژهەڵات ئەگەر چی زۆر درەنگیشە بەڵام دیسان باشە و هیوادارم لە خانەی خزمەت کردن بێت بە ئامانجە ڕەواکانی میللەتەکەمان.

بۆ هەڵسەنگاندی ئەو ناوەندە دەبێ چاوەڕوان بین ،ئێستا ناتوانین قەزاوەت بکەین کە سەرکەوتن بەدەست دێنێ یان نە؟ چوونکو هێشتا کارێکی جددی و گرنگیان ئەنجام نەداوە و تەنیا لە قۆناخی سەرەتاییدان و هێشتا بەرنامە و کاریان و پلان و ستراتیژیان نە بۆ خەڵک و نە بۆ لایانەکانی دەرەوەی ئەو ناوەندە ڕوون و دیار نیە .

ئەگەر توانیان ئەو ناوەندە بەرفرە بکەن و بیکەن بە موڵکی هەموو هێز و لایەنەکانی تر و ببێتە ناوەندێک بۆ هەموو دەنگ و ڕەنگەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئامانجی کۆکردنەوەی هەموو هێز و پتانسێلێک بێت، ئەوە ئەتوانێت کاریگەرییەکانی زۆرتر بێت و هیوای سەرکەوتنی پێ بخۆازرێت، خەڵک بە گشتی پێشوازی باشتری لێ بکات، بەڵام ئەگەر بێت و تەنیا لە نێوان ئەم پێنچ لایەنە بمێنێت و قورخ بکرێت و مەبەست تەنیا ئەوەبێت خۆیان بە نوێنەری کوردستان بزانن و وا بزانن تەنیا ئەوان لە مەیدانن و خۆیان هەڵاوێرن لە باقی دەنگ و ڕەنگەکانی تر، کە هیوادارم وا نەبێت، ئەوە زەرەری گەورە بە دوای خۆیدا ئەهێنێت، چ لە ئێستا و چ لە داهاتووشدا، چوونکو ئەبێتە هۆی دابەش بوونی لایەنەکان و تەجرووبەش پێمان دەڵێت لە هیچ پارچەیەکی کوردستاندا لە ئەم دوو بەرەکیە سەرکەوتوو نەبووە و دروست نیە بگرە تا سەر ئێسقان گەلی کورد زەرەرمەند بووە.دەبێ ئەو پێنچ لایەنە بەڕێزە ئەوە باش بزانن کە زۆربەی حزبەکانی کوردستان چەکدارن و هەر چەشنە ئینحسارگەرایی و خۆ بە ناوەندزانین و هەنگاونان بەرەو تەمامیەتخاهی دەبێتە هۆی شەڕ و دوو بەرەکییەکی قورس ، وە ئەنجامی

**بۆ هەڵسەنگاندی ئەو ناوەندە دەبێ چاوەڕوان بین ،ئێستا ناتوانین قەزاوەت بکەین کە سەرکەوتن بەدەست دێنێ یان نە؟**

ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازی هێز و تواناکانی بزاڤی ڕزگاریخۆازی گەلەکەمان و لە ئاستی دەرەوەش کەس بە جددی وەرمان ناگرێت و خەڵکیش لێمان دوور ئەکەوێتەوە و دوژمنانمان سەردەکەون. هیوادارم بە زووترین کات پێکهێنەرانی ئەو ناوەندە جموجۆڵی خۆیان لە گەڵ لایەنەکانی تر دەست پێبکەن و بە ڕۆحیەتێکی دیموکراتیکانە لە گەڵ هەمووان دانیشن و بۆ بەرژەوەندی گەلەکەمان و پێشوە چوونی بزاڤی ڕزگاریخۆازیمان ئەو ناوەندە دەوڵەمەنتر و بە هێزتر بکەن کە ڕەمزی سەرکەوتن لە پێکەوە بوونی هەموو دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکانە.

**هیوای نوێ: لە گریمانەی ئەوەدا گەر ئەو پێنج لایەنە بانگهێشتی هێزەکانی تر تایبەت ئێوە وەک یەکێتیی دیموکراتی کوردستان نەکەن هەڵوێستتان چی دەبێ؟ ئایا ئێوەش ، مەبەستم لایەنەکانی دەرەوەی ئەو هاوپەیمانیەیە، هەنگاو بۆ درووست کردنی شتێکی هاوشێوە نادەن؟**

عوسمان جەعفەری: وەک لە وڵامی پرسیاری پێشووتردا باسم کرد ئەو ناوەندە بە هەموو لایەنەکانەوە ئەتوانێت نوێنەری خەڵکی کوردستان بێت ، وەک خۆشیان باسیان کردووە یەکێک لە کارەکانیان ئەوە دەبێت کە سەردانی لایەنەکانی تر بکەن بە مەبەستی بەشدار بوونیان لەو ناوەندە ، ئێمەش تا ئەو کاتە چاوەڕوان دەبین کە هیوادارم کۆسپ و تەگەرە ساز نەبێت و ئەو کارە ڕوو بدات و ئەو بەرێزانە ئەرکی نیشتمانی و نەتەوەیی خۆیان بەجێ بگەیەنن، بەڵام ئەگەر وا نەبوو وە نەیانویست لەو پێنچ لایەنە دەرباز بێت و دیسان پێیان دەڵین هەر پیرۆزیان بێت و هیوامان هەر سەرکەوتنە بۆیان ، ئێمە پێمان وایە بە یەکگرتوویی و پێکەوە بوون جوانتر و بە هێزترین .

**هیوای نوێ: دەچمە سەر پرسیارێکی تر و دوا پرسیاریشم دەبێت، سەبارەت بە باردۆخی کورد لە سووریا و تایبەت ئەو هێرشەی کە دەوڵەتی تورکیا بۆ سەرکانتونی عەفرین کردوویەتی، هەڵسەنگاندنی بەرێزتان چیە؟**

عوسمان جەعفەری: ئەوەی وا لە عەفرین ڕووئەدا درێژەی ئەو هەموو پیلانگێڕیەیە کە لە کەرکووکەوە دەستی پێکرد، وڵاتانی داگیرکەر بەداخەوە بە بەرچاوی هەموو جیهانیانەوە و حەتا دەتوانم بڵێم لە گەڵ وڵاتە زلهێزەکان پێکەوە ناحەقی و زۆڵمی سەد ساڵی ڕابردوویان دەر حەق بە گەلی کورد دووپات کردەوە ،دیسان سایکس پیکۆ و لۆزان بە فۆرمێکیتر لە حاڵی جێبەجێکردندایە لە سەری گەلی کورد، ستاتۆکی نکۆڵی و قرکردن هێشتا بەردەوامە، سەرەڕای ئەو هەموو قوربانی و فیداکاریە کە کورد بۆ شەری دژی تیرۆر پێشکەشی کرد بە جیهان ، بەڵام جیهان پشتی کردە کورد و لە کاتی هێرش بۆ سەر کەرکووک و عەفرین ، داگیرکەرانی کوردستان بە چەک و چۆڵی ناتۆ ئۆپراسیێونیان دەست پێکرد دژ بە کەرامەت و ماف و ئازادیەکانی گەلی کورد ، لە بەرامبەردا پاداشی ئەو هەموو فیداکاریەی کوردیش ئاوا ئەدەنەوە بە کورد و ئەڵێن پێمان وتوون با هێرشەکانیان دژ بە کەرکووک و عەفرین سنووردار بێت.

**هیوای نوێ: کاک عوسمان زۆر سوپاس بۆ وڵامەکانت گەر وتەیەک یان شتێکی ترتان هەبێت کە حەزبکەن بیڵێن.**

عوسمان جەعفەری: هیوای سەرکەوتنتان بۆ ئەخوازم و ماندوو نەبن.